بودجەی ساڵی ٢٠٢٥ لەسەر مێزی سودانییە: گرنگیدان بە مووچە و بەرنامەی حکومەت

محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ دووشەممە پابەندبوونی حکومەتی دووپاتکردەوە بە دنیابوون لەوەی کە بودجە لە جێبەجێکردنی خشتەکانیدا ئاوڵەویەتەکانی لەخۆدەگرێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتابەع کەوتووە بڵاویکردەوە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمان عەتوان سەید حەسەن عەتوانی.

وتیشی لە دیدارەکەدا دوایین ئامادەکارییەکان بۆ ئامادەکردنی خشتەی بودجەی 2025 و میکانیزم و پلانەکانی دەستبەرکردنی دابینکردنی مووچە و خەرجییەکان بەپێی کێرت و چالاکییەکانی ئەمساڵ تاوتوێکرا.

ڕایشیگەیاند سودانی جەختی لەسەر پێرەشی حکومەت کردەوە بۆ دنیابوون لەوەی کە بودجە لە جێبەجێکردنی خشتەکانیدا ئاوڵەویەتەکانی لەخۆدەگرێت، بەمبەستی تەواوکردنی بڕگەکانی بەرنامەی حکومەت، بۆ تایبەتی ئەوانەی پێیوستن بەدابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و تەواوکردنی پرۆژەکان، بۆ بەدیهێنانی خواستی هاوواڵتیان لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراق.